# منداڵی مسوڵمان چی دەڵێ؟



چاپی دوازدەهەم

التفسير
2010

وەرگێڕانی
نەوا محمد سعید

# منداڵی مسوڵمان چی دەڵێ ؟


ناوی نامیلکە: منداڵی مسوڵمان چی دەڵێ؟

ناوی نوسەر: حامد حسین الفلاحی

ناوی وەرگێر: نەوا محمد سعید

نیگار : دلشاد علی

بەرگ : أمین مخلص یونس

ناوەرۆک : جمعە صدیق کاکە

بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر

ساڵی چاپ: ١٤٣١ - ٢٠١٠

نۆرەی چاپ: دوازدەهەم

تیراژ: 5000 دانە

ژمارەی سپاردن: ١٩٥ ی ساڵی ١٩٩٨


Scanned by CamScanner

# منی منداڵی مسوڵمان

## گوێم لە فەرمایشتی خوای گەورەبوو کە دەفەرموێ:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا

واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە، زۆر یادی خوای گەورە بکەن، بەیانیان و ئێواران بڵێن سبحان اللّٰه.

گوێم لە فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، کە دەفەرموێ:

**« مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لا يَذْكُرُ رَبَّهُ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ »**

واتە: ئەو کەسەی یادی خوای گەورە دەکات و ئەو کەسەی یادی ناکات، وەکو زیندو و مردو وایە.

پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا: **« أَيُّ الْعِبَادِ أَفْضَلُ دَرَجَةً عِنْدَ اللَّهِ تَعالَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: الذَّاكِرُونَ اللَّهَ كَثِيرًا »**

واتە: لە ڕۆژی قیامەت چ خەڵکێك لای خوای گەورە گەورەترین پلەی هەیە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کەسانەی یادی خوا زۆر دەکەن.

جا بۆ بەدەست هێنانی ئەو فەزڵە گەورەیە و بۆ ئەوەی لەو کەسانە بم کە سەرفراز دەبن، لە گشت کات و بارێکدا یادی خوا زۆر دەکەم.

هەروەها لە گشت بۆنەیەکدا ئەم ویردانە لەبەر دەکەم، کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەرگیراون، سوریش دەبم لەسەر ئەوەی لەکاتی خۆیدا بیڵێمەوە.

سوپاس و ستایشیش بۆ پەروەرگاری جیهانیان.

# لەکاتی نوستن



دەڵێم : (( بِاسْمِكَ اللهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا )). بەناوی خوا دەمرم و دەژیم.

لەکاتی لەخەو هەستان دەڵێم :

(( الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ )).

سوپاس بۆ خوا کە دوای مردنمان زیندوی کردینەوە،

زیندو بونەوەش هەر بۆ ئەوە.

- نوستن نیعمەتێکی خودایە.. تێیدا لە ماندو بون دەحەسێینەوە.
- نوستن مردنمان بیر دەخاتەوە.. هەر لەبەر ئەوەشە لەکاتی نوستن موحاسەبەی خۆمان دەکەین لەسەر ئەو کردەوانەی کە لەو رۆژەدا ئەنجاممان داون.
- لەسەر لای راست و بە دەستنوێژەوە دەخەوین.
- زوو لە خەو هەڵدەستین.. چونکە بەرەکەت لەوەدایە، کە زو لەخەو هەڵسین.
- نوێژی بەیانی لە مزگەوت دەکەین.. ویرد و زیکرەکانی بەیانی دەخوێنین.



Scanned by CamScanner




# لەکاتی چونە ئاودەست

دەڵێم: ((بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ)).

بەناوی خوا، خوایە پەنا بەتۆ دەگرم لە جنۆکەی پیسی نێر و مێ.

❊ بەقاچی چەپ دەچینە ئاودەست.

❊ لە ئاودەست قسە ناکەین.

❊ شوێنی میز و پیسایی بە ئاو پاک دەکەینەوە.

❊ پارێزگاری پاک و خاوێنی جلەکانمان دەکەین.

❊ بۆ ناو ئاودەست هیچ شتێک هەڵناگرین، کە ناوی خوای گەورەی تێدا بێت.



Scanned by CamScanner




## لەکاتی هاتنە دەرەوەوە لە ئاودەست

**دەڵێم: (( غُفْرَانَكَ )). خوایە داوای لێخۆشبونت لێدەکەم.**

- بە قاچی ڕاست لە ئاودەست دێینە دەرەوە، ئنجا دوعاکە دەڵێین: (( غفرانك )).
- یادی نیعمەتی خوا دەکەین، چونکە لەو پاشماوە زیانبەخشانەی ڕزگار کردین، کە فرێمان داوەتە دەرەوە، گەر ئەمە نەبوایە، ئەوا زیانێکی زۆرمان پێدەگەیشت.
- جا سوپاسی خوا دەکەین لە سەر نیعمەتی ڕزگاربون لە پاشماوەی پیس.



Scanned by CamScanner

# له کاتی جل له‌به‌رکردن



ده‌ڵێم: (( بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِهِ وَخَيْرِ مَا هُوَ لَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ مَا فِيهِ وَشَرِّ مَا هُوَ لَهُ )).

به‌ناوی خوا.. خوایه داوای خه‌یری ئه‌م پۆشاکه‌ت لێده‌که‌م و به‌تۆ په‌نا ده‌گرم له خراپه‌ی ئه‌م پۆشاکه.

- له ده‌ستی راسته‌وه جل له‌به‌ر ده‌که‌ین.
- یادی نیعمه‌تی خوای گه‌وره ده‌که‌ین، که ئه‌م پۆشاکه‌ی پێ به‌خشیوین.
- له زستان پۆشاکی ئه‌ستور و ڕه‌نگ تۆخ ده‌پۆشین بۆ ئه‌وه‌ی گه‌رممان بێته‌وه.
- له هاوین جلی ته‌نک و ڕه‌نگ کاڵ و کراوه‌( فاتح) له‌به‌ر ده‌که‌ین، تاوه‌کو هه‌ست به گه‌رما نه‌که‌ین.
- کوڕ نابێ جلی کچ له‌به‌ر بکات.
- کچیش حیجاب ده‌پۆشێ و جلی کوڕ له‌به‌ر ناکات.



Scanned by CamScanner



## لەکاتی جل داکەندن

دەڵێم: (( بِسْمِ اللَّهِ الَّذي لاَ إلَهَ إلاّ هُوَ )).
بەناوی ئەو خوایەی، کە هیچ خوایەکی تر نیە جگە لەو.

- لە دەستی چەپەوە جل دادەکەنین.
- پاشان لە شوێنی تایبەتی بە ڕێک و پێکی دایدەنێین.
- لەبەرچاوی هیچ کەسێک جلەکانمان داناکەنین.
- ئەو جل و بەرگانەی لێمان زیادن، دەیبەخشینە ئەو هەژارانەی پێویستیان بە جل و بەرگ هەیە.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: ((اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِيمَا رَزَقْتَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ، بِسْمِ اللَّهِ)).

خوایە بەرەکەت بخەیە ئەو رزقەی، کە پێت بەخشیوین و لە عەزابی ئاگر بمانپارێزە، ئنجا دەڵێم: بەناوی خوا.

- پێش نان خواردن دەستمان دەشۆین.
- بە دەستی راست نان دەخۆین و ئاو دەخۆینەوە.
- لەبەردەمی خۆمان دەخۆین و دەست بۆ ئەم لا و ئەولای قاپەکە درێژ ناکەین.
- گەر لە سەرەتای نان خواردن دوعاکەمان لەبیر کرد، دەڵێین: « بِسمِ اللهِ أَوَّلِهِ وآخِرِهِ ». واتە بەناوی خوا لە سەرەتا و کۆتاییدا.
- خواردنەکە بە باشی دەجوین.
- هەرگیز عەیب لە خواردن ناگرین.
- لەم خواردنەدا یادی نیعمەتی خوای گەورەمان دەکەین.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی دەست هەڵگرتن
# لە نان خواردن



**دەڵێم: ((الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا وَجَعَلَنَا مُسْلِمِينَ)).**

سوپاس بۆ خوا کە خواردن و ئاوی پێدراین و ئێمەی کردە مسوڵمان.

- لەدوای نان خواردن سوپاسی خوای گەورە دەکەین لەسەر ئەو نیعمەتە خۆشەی پێی بەخشیوین.
- سوپاسی دایکمان یان هەر کەسێکی دی دەکەین، کە خواردنەکەی بۆ ئامادە کردوین.
- دوای نان خواردن دەست و دەممان بە باشی دەشۆین.
- بۆ ئامادەکردن و پێشکەش کردنی خواردنەکە، یارمەتی دایکمان دەدەین. هەروەها دوای نان خواردن یارمەتی دەدەین لە شوشتنی قاپەکاندا.
- لەم خواردنە بەشی هەژارانی لێ دەدەین.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی پژمین



**دەڵێم: ((الْحَمْدُ لِلَّهِ)).**

سوپاس بۆ خوا.

- پژمین نیعمەتێکی خوای گەورەیە، چونکە بەهۆیەوە میکرۆبە زیان بەخشەکانی لەش دێنە دەرەوە.
- لەبەر ئەوە سوپاسی خوای گەورە دەکەین.
- هەردوو دەست یان دەستەسرێک دەخەینە سەر دەم و چاومان، بۆ ئەوەی پریشکەکەی نەپەرێت بەسەر هیچ کەسێکدا.
- هەرکەسێ پژمی و گوتی (( الحمدلله )) پێی دەڵێین: ((یَرحَمَکَ الله)) خوا رەحمت پێبکات. ئەویش لە وەڵامدا پێمان دەڵێت: ((یَهْدِیکُمُ الله وَیصلحَ بَالَکُمْ )) خوای گەورە رێنماییتان بکات وحاڵتان باش بکات.



Scanned by CamScanner



## لەکاتی باوێشك

دەڵێم: (( أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ )).

پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەیتانی دورخراوە لە رەحمەتی خوا.

* باوێشك لە شەیتانەوەیە.
* باوێشك مرۆڤ لە سەر تەمبەڵی رادەهێنێ.
* مسوڵمانیش هەردەم چوست و چاڵاکە، لەبەر ئەوە بە پەناگرتن بەخوای گەورە لە شەیتانی رەجیم، باوێشك لە خۆمان لادەدەین.
* ناو لەپی دەستی راستمان، یان پشتی دەستی چەپمان دەخەینە سەر دەممان.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی دەرچون لە ماڵەوە



دەڵێم : (( بِسْمِ اللّهِ، تَوَكَّلْتُ عَلَى اللّهِ، لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللّهِ )).

بەناوی خوا، پشتم بەخوا بەست،

هیچ هەوڵ و هێزێك نییە مەگەر بە خوای گەورە نەبێت.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: (( بِسْمِ اللَّهِ وَلَجْنَا، وَبِسْمِ اللَّهِ خَرَجْنَا، وَعَلَى اللَّهِ رَبِّنَا تَوَكَّلْنَا )).

بەناوی خوا چوینە ژورەوە، بەناوی خوا هاتوینەتە دەرەوە،

پشتمان بەخوای پەروەردگارمان بەست.

- به پشت بەستن به خوای گەورە له ماڵەوە دێینه دەر.
- به ناوی خوا دەرۆین، وەک چۆن بەناوی خوا هەموو کردەوەیەکمان ئەنجام دەدەین.
- لەکاتی چونە ماڵەوەمان سلاو دەکەین لەوانەی لە ماڵەوەن.
- داوای ئیزنیان لێ دەکەین بۆ چونە ژورەوە. دەڵێین: مۆڵەتم دەدەن بێمە ژوورەوە؟



Scanned by CamScanner




دەڵێم: (( بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي، وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ )).

بەناوی خوا، خوایە ڕەحمەت بەسەر پێغەمبەر ببارێنە، خوایە لە گوناهەکانم خۆش بە، دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەوە.

- به قاچی ڕاست دەچینە مزگەوت.
- دوو ركعات نوێژی (تحية المسجد) دەکەین.
- مزگەوت پیس ناکەین.
- بەهێمنی دادەنیشین و دەنگەدەنگ ناکەین.
- به کۆمەڵ نوێژ دەکەین.
- لە مزگەوت گوێ لە وانە زانستیەکان دەگرین، چونکە مزگەوت ماڵی زانست و خواپەرستیە.



Scanned by CamScanner




**دەڵێم: (( بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ،**
**اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي، وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ فَضْلِكَ ))**

بەناوی خوا، خوایە ڕەحمەت بەسەر پێغەمبەر ببارێنە،
خوایە لە گوناهەکانم خۆش بە، دەرگاکانی چاکەی خۆتم بۆ بکەوە.

- بە قاچی چەپ دێینە دەرەوە
- دوای هاتنە دەرەوە ئەوەمان دێتەوە یاد، کە نوێژ دورمان دەکاتەوە لە گوناه و تاوان، گوناهیش خوای گەورە توڕە دەکات. لەبەر ئەوە هیچ گوناهێک ناکەین.
- بە حەز و خۆشیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی نوێژەکەی دی دەکەین.
- حەز دەکەین هەردەم بچینەوە مزگەوت، چونکە ماڵی خوای گەورەیە.
- لەکاتی تەواوبونی نوێژدا، بە چالاکییەوە دەچینەوە سەر کارمان.



Scanned by CamScanner

# لە کاتی تێپەڕبون بە لای خەڵك



دەڵێم: ((السَلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ))

سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لـێ بێ

* بە ئەدەبەوە بەڕێگادا دەڕۆین.
* سڵاو لە هەرکەسێک دەکەین کە بەلایدا تێدەپەڕین.
* وەڵامی سڵاوی ئەو کەسە دەدەینەوە کە سڵاومان لـێ دەکا.
شتی ئازاردەر لە ڕێگا لا دەدەین.
* یارمەتی ئەو کەسە دەدەین کە پێویستی بە یارمەتی هەبێت.
* شتی پیس فڕێ نادەینە سەر زەوی.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: (( تَقَبَّلَ اللهُ مِنّا ومِنكَ )).

خوای گەورە لە ئێمە و تۆش قبوڵ بكات.

- جەژنی مسوڵمانان دوو جەژنە:
- جەژنی رەمەزان، كە لە كۆتایی مانگی رەمەزانە.
- جەژنی قوربان كە لە مانگی (ذی الحجة)یە.
- لە جەژندا دڵخۆش و شاد دەبین.
- سەردانی خزم و هاورێیانمان دەكەین.
- دوعا بۆ یەكتری دەكەین.
- یارمەتی هەژاران دەدەین و دیارییان پێشكەش دەكەین، تا ئەوانیش لە خۆشی جەژندا بەشداریمان بكەن.

Scanned by CamScanner

# پێش خۆرهەڵاتن



دەڵێم : (( أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ ))

بەیانیمان کردەوە و موڵك هەمووی هی خودایە، سوپاس بۆ خوا کە هاوبەشی نیە، هیچ خوایەك نیە جگە لە زاتی ئەو، زیندوبونەوەش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە.

- کاتی نێوان نوێژی بەیانی و خۆرهەڵاتن، لەو کاتانەیە کە خوای گەورە ڕێزی لێناوە.
- سوننەتی پێغەمبەریشە ﷺ کە لەم کاتەدا بە چەند ویردێکی پێغەمبەر یادی خوای گەورە بکەین.
- ئێمەش سور دەبین لەسەر گوتنەوەی ئەم ویردە، بۆ ئەوەی خوای گەورە لێمان رازی بێت.
- بەیانیان خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ.
- ئەم خۆرە گەرمی و روناکیمان دەداتێ.
- بەدرێژایی ڕۆژیش ئێمە کار و کۆشش دەکەین.




**دەڵێم: ((أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ))**

ئێوارەمان کردەوە و موڵك هەموی ئی خوایە، سوپاس بۆ خوا کە هاوبەشی نیە، هیچ خوایەك نیە جگە لە زاتی ئەو، چارەنوسیش بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

- کاتی پێش خۆرئاوابون لەو کاتە باشانەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە چەند ویردێکی دیاریکراو یادی خوای تێدا کردوە.
- ئێمەش سور دەبین لەسەر گوتنەوەی ئەم ویردانە.
- ئیدی خۆر وردە وردە دادەبەزێت و لە کۆتایی ڕۆژدا لە ڕۆژئاواوە ئاوا دەبێت.
- پاشان شەو دادێت بۆ ئەوەی لە کار و ماندوبونی ڕۆژ بحەسێینەوە.



Scanned by CamScanner

# لە کاتی بینینی شتێکی جوان



دەڵێم: ((مَا شَاءَ اللَّه، لا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إلاَّ بِاللَّهِ)).

هەرچی خوای گەورە ویستبێتی هەر ئەوە دەبێ، ئەویش ئەوەیە کە خوا کردویەتی و هیچ هێز و توانایەك نییە بۆ هیچ کەس، مەگەر بەهۆی خواوە نەبێ.

- لەکاتێکدا شتێکی جوانمان بینی و دڵخۆشی کردین ئەم دوعایە دەخوێنین.
- هەمو نیعمەتەکانی خوای گەورە دڵخۆشمان دەکەن.
- ئەم نیعمەتانە زۆرن.
- لەوانە وەك خۆری پرشنگدار و درەخت و گوڵ و گوڵزار و کانیاوەکان.
- هەروەها خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ.
- هەروەها چاو و گوێ و لوت و دەستەکان و قاچەکان.
- هەروەها لە نیعمەتەکانی خوا، دایك و باوك و خوشك و برا و هاوڕێیانە.
- غەیری ئەمانەش نیعمەتی تر زۆر هەن.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: ((الْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ)).

سوپاس بۆ خوا لەسەر هەموو حاڵ و بارێکەوە.

- گەر شتێک رویدا حەزمان پێی نەدەکرد، دڵگران و تورە نابین.
- ئەو دوعایەی پێشو دەخوێنین.
- دەزانین کە هەر شتێک روبدات، قەزاوقەدەری خوایە.
- گەر دوچاری خەمێک بوم دەڵێم: (( یَا حَيُّ یَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ ))، جا خوای گەورە هەمو خەفەتێکمان بۆ لادەبات.



Scanned by CamScanner




**دەڵێم: ((أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ)).**

داوا لەخوای گەورە خاوەنی عەرشی گەورە دەکەم شیفات بدات.

- گەر یەکێکمان نەخۆش کەوت، خوای گەورە چاکەی بۆ دەنوسێ، یان لە هەندێ گوناهی خۆش دەبێت.
- ئێمەش سەردانی نەخۆش دەکەین و دوعای چاکبونەوەیان بۆ دەکەین، تاوەکو پاداشتی خوای گەورە بەدەست بێنین.
- سەردانی نەخۆش ئەرکێکی ئیسلامییە.
- ئەم دوعایەی سەرەوە حەوت جار دەڵێینەوە.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی ون کردنی شتێك



دەڵێم: ((یَا جَامِعَ النَّاس لِیَوْمِ لا رَیْبَ فِیهِ رُدَّ عَلَيَّ ضَالَّتِي)).
ئەی خوای کۆکەرەوەی خەلك بۆ رۆژێك، کە گومانی هاتنی ئەو رۆژە نیە، شتە ون بوەکەم بۆ بگەڕێنەوە.

- لە هەمو کاتێکدا خۆمان وا رادەهێنین، کە یادی خوا بکەین.
- گەر شتێکمان لێ ون بو، ئەو دوعایەی پێشو دەخوێنین، بۆ ئەوەی شتەکە بدۆزینەوە.
- خوای گەورە زاتی خۆی رێنیشاندەری مرۆڤە بۆ ئەو شتەی، کە لێی ون دەبێت، خوای گەورەش بۆی دەگەڕێنێتەوە.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: (( إنِّي أُحِبُّكَ لِلّهِ )). لەبەر خوا تۆم خۆش دەوێ.

ئەویش دەڵێ: (( أَحَبَّكَ الَّذِي أَحْبَبْتَنِي لَهُ )).

خوای گەورەش تۆی خۆش بوێ، کە لەبەر ئەو منت خۆش دەوێ.

- خۆشویستن لەبەر خوا، گەورەترین کردەوەیە بۆ نزیک بونەوە لەخوای گەورە.
- خۆشویستن لەبەر خوا لە هۆیە گەورەکانی چونە ناو بەهەشتە و رزگاربونە لە ئاگری دۆزەخ.
- خۆشویستن لەبەر خوا یەکریزی مسوڵمانان بەهێز دەکات.
- خۆشویستن لەبەر خوا نیعمەتێکی گەورەی خوای مەزنە.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی باران بارین



**دەڵێم: (( أَللَّهُمَّ صَيِّبَاً نَافِعَاً )).**

خوایە ئەم بارانە بکە بە بارانێکی سودبەخش.

گەر بارانەکە زیادی کرد، **دەڵێم: (( أَللَّهُمَّ أَغِثْنَا ))**

خوایە بە هانامان بێی و رزگارمان کە.

- باران کانیاوەکان پێک دەهێنێ.
- کانیاوەکان ئاودێری زەویەکان دەکات، کە دارو درەخت و بەروبومی تێدا سەوز دەبێت.
- زۆر لە وڵاتە بیانیەکان بۆ کشتوکاڵ کردن پشت بەباران دەبەستن.
- هەروەها کۆکردنەوەی ئەو بارانە بۆ ئاو خواردنەوە بە سودە.
- باران نیعمەتێکی خوایە.
- لە کاتی باران بارین دا، خوای گەورە نزا و پارانەوە وەردەگرێت، جا با هەمومان لەکاتی باران باریندا دوعا و نزا بکەین.



Scanned by CamScanner




دەڵێم: (( هِلالُ خَيْرٍ وَرُشْدٍ، آمَنْتُ بِاللَّهِ ألَّذِي خَلَقَكَ )).

مانگی خێر و ڕێنوێنی، بڕوام بە خوای گەورە هێناوە، کە تۆی دروست کردوە.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی سەیرکردنی ئاسمان



**دەڵێم: ((رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)).**

پەروەردگارمان، ئەمەت بەبێ هودە دروست نەکردوە، پاکی بۆ تۆ، لە عەزابی ئاگر بمانپارێزە.

- ❊ ئاسمان و ئەوەیش، کە تیایدایە وەک مانگ و ئەستێرە و دروستکراوەکانی تری خوای گەورە، پێویستە تەماشای بکەین و بیر لە جوانی و وردی و گەورەیی دروست بونی بکەینەوە.
- ❊ جا لەمەوە گەورەیی و بەتوانایی خوای گەورەمان لە بەدیهێنانیدا بۆ دەردەکەوێت.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی سەیرکردنی ئاوێنە



**دەڵێم: (( أَللَّهُمَّ أَنْتَ حَسَّنتَ خَلْقِي، فَحَسِّنْ خُلُقِي، وَحَرِّمْ وَجْهِيَ عَلَى النَّارِ )).**

**خوایە منت جوان دروست کردوە، رەوشتم جوان بکە، ڕوخسارم لە ئاگر بپارێزە.**

* ئێمە کە لە ئاوێنە تەماشای خۆمان دەکەین، هەست بە نیعمەتی خوای گەورە دەکەین، چونکە روخساری
* جوان و چاو و گوێ و دەمی بۆ دروست کردوین.
* خوای گەورە کە بە جوانی دروستی کردوین، پێویستە لەسەرمان رەوشتمان جوان بکەین.
* پێویستە ڕەوشتمان قورئانی بێت.




دەڵێم: (( اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ )).

خوایە داوای فەزڵ و چاکەت لێ دەکەم.

- گەر کەڵەشێر فریشتەی بینی، ئەوا بە دەنگە خۆشەکەی بانگ دەدات، لەبەر ئەوە بەم نزایەی پێشو لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە.
- لە کەڵەشێرەوە فێری زو لەخەو هەستانی بەیانی دەبین.
- هەروەک چۆن کەڵەشێر بە دەنگە خۆشەکەی بۆ نوێژی بەیانی لە خەومان هەڵدەستێنێ.



Scanned by CamScanner

# لەکاتی زەڕینی گوێدرێژ



**دەڵێم: ((أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)).**

**پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە شەیتانی دورخراوە لە ڕەحمەتی خوا.**

- ئەگەر گوێدرێژ شەیتانێک ببینێ، دەست بە زەڕین دەکات، لەبەر ئەوە پەنا دەگرین بەخوای گەورە لە شەیتانی دورخراوە لە ڕەحمەتی خوا.
- شەیتان دوژمنی ئادەمیزادە، چونکە شەیتان داوای کاری خراپە و دورکەتنەوە لە چاکەکاری دەکات.
- ئێمە گوێڕایەڵی شەیتان ناکەین، بەڵکو ئێمە کاری چاکە دەکەین و لە خراپە دوردەکەوینەوە.
- خوای گەورە فێری کردوین دەنگمان بەرز نەکەینەوە تاوەکو بە گوێدرێژ نەچین.



Scanned by CamScanner